KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19-11-2007 23:10

**خولە پیزەکانی کوردستان ... ئەنوەر حسین (بازگر)**

هەرچی هەڵدەستێ و راستدەبێتەوە، خۆی پێ لە هەمووکەس شۆڕشگێرترو لەسەر حەقترەو خۆی پێ خولە پیزەیەو شتی سەیرسەیر دەکات.



لەم رۆژانەدا لەهەولێر خوێندکارێکی بەناو هونەرمەند پەلاماری راگری کۆلێژەکەی دەدات و لێی دەدات، گەرچی دەبوو جیا لەوەی لەکۆلێژ دەربکیرێت وبایکۆتی بەرهەمەکانیشی لە کەناڵەکان بکرێت، کەچی دەڵێن"کاکم دەرچووە کەئەفسەری ئاسایشەو وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچووە"

*حیمای ئەو مسئولەی کە تا دوێنێ سەرۆک جاش بوو، خۆی پێ خولەپیزەیە، سوکایەتی بە مرووریێکی قوربەسەر کردوە، چونکە ئۆتۆمبیلەکەی غەرامە کردووە.

*بەرێوبەری دەزگایەك، تەنها لەسەر ئەوەی هەواڵێك بەدڵی ئەو نەبووە، کارمەندێکی ترۆ کرد.

*ژنی مسولێك چۆتە بانك و داوای پەرەی کردووە وتویانە بەسەرەیە، وتویەتی خوا بەزیای خێری نەکات، سەرە بگرم، بۆ نازانن من کێم... ؟

*کورە مسئولێك بەخۆیو و مۆنیکاکەیەوە دەچێتە بەردەمی مەکتەبێکی کچان و چەندجار ئاگاداریانکردوتەوە کەچی وتویەتی هێز نییە لێرە دەرمبکات... ؟!

*شێر خۆرێك کەهەڕەشە لە رۆژنامەنووسان و ژنان دەکات و سوکایەتی بەزۆر کەس دەکات لەبەرئەوەی بەرپرسە، کەچی کەوتویانە کی دی بۆ شەڕی تورکیا وتویەتی جا ئەوە کەی ئیشی منە.

*ئاغای مەنتەقەیەك چەند کەسی کوشتوە کە هەڕەشەش دەکات تەنها لەبەر ئەوەی بەدڵی ئەو نەبوون و وتویەتی بەئارەزوو خەڵك دەکوژم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.